# خەزان

عوسمان شەیدا

**سەرەتایەک**

بێدەنگ وەکو
کڕبوونی جریوەی هەموو پاسارییەکان
دوای ئێوارە وەختێکی درەنگ
شیعری خەزان دەخوێنمەوە
شەو دەبێتە
سەدای خەمێکی تاریک و سینەی ئاسمان
دوو ئەستێرەی وەنەوشەیی تێدا دەکشێ
باسی ئەو مرۆڤە دەکەن
تەنیا دوو جار لە دایک بوو
جارێک بۆ خەم
جارێکی تریان بۆ ئەوین

١

شەپۆلەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن
شەپۆلەکان ڕێی گەشتی ئەبەدی دەبڕن
شەپۆلەکان
دەڕۆن
دەڕۆن
هەتا دەمرن
ئاسمانیش بۆنی خەم و ئەشکی کۆچی لێدێ
ئەورۆ ئاسمان فرمێسکەکانی دەبارێ
ئەورۆ ئاسمان کراسێکی ئاودامان ڕەش
بە باڵای پایزدا دەبڕێ
پایز ماتە و تەم چاوانی داپۆشیوە
درەختەکان گەڵا گەڵایان زەرد دەبێ
دەکەونە سەر شەپۆلی کۆچ
لوول دەخۆن و بن دەکەون
لە تاریکیدا ون دەبن
گەڵاکانیش لەگەڵ سوێی شەپۆلدا دەمرن
پاییز لە هەموو وەرزێکدا پرسە دەگرێ
خەمی پایز لە خەمەکانی من دەچێت
چاوەکانی زوو کوێر دەبن

٢

کێ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمرێ

٣

رووبار دڵی منی تەنیای لە مشتایە
نە چاوی هەیە

نە گۆنا
بەڵام دەگری
ئەویش دەگری
تۆش فریشتەی ناو تەمێکی سەر دەریای شینی پایزی
کە هاڵاوی ئەم رۆحە پڕ لە کەسەرە
لە سییەکانمانەوە دەیهێنێ
کاتێ دەگاتە سەر دەریا
وەکو سەهۆڵ
وەکو لەشی ناو بەفرێکی زۆر دەیبەستێ
ناگا بە تۆ

٤

شەو هەست بەغەریبی دەکەم
کاتێ شەماڵ لە گڕەی ژوورە چۆڵەکەم دەهاوێ
ئەوی سارد بێ وەکو جووتبوون ماچی دەکەم
ئاخ لەم دڵە چەتوونە بچکۆلانەیەم
شەوی دە جار دەتوێتەوە
شەوی دە جار بەسەر خۆدا دەشکێتەوە
لێی تێ ناگەم
ئەم غوربەتەش دڵم دەگوشێ
لێوم بەسەر پشکۆوەیە
ئەم غوربەتە یەخەم دەگرێ
وای لە دڵم
ئەوەندە ناسک بووەتەوە
دڵۆپ
دڵۆپ
بەسەر رۆحمدا دەتوێتەوە

٥

گوناهم کرد

گوناهێکی ئێجگار بەتام*

لە شەوێکدا هەموو چراکان خامۆش بوون

پەنجە مەستەکانم نەبێ

وەک چاوی شینی پشیلە داگیرسابوون

دەستم بە ناو قژە ئاڵۆزکاوەکەیدا گێڕا

ئەو بێدەنگ بوو

ماچم کرد و هەر بێدەنگ بوو

وەک دوا قومی پەرداخی سەر مێزێکی چۆڵ

تک

تک

لە لێوەکانمەوە

بۆنی ماچ و عەتر و سوراو

بە گەروومدا

رۆچوون

رۆچوون

چراکانیش هەر خامۆش بوون

٦

زەمەن خەمی من هەڵناگرێ

بە تەنیا خۆم دەخۆمەوە

زەمەن پیرە درەختێکی پایزەیە

منیش گەڵای زەردی خەمم

تەنیایی بڕستم دەبڕێ

هەڵدەوەرێم

درەخت دەست ناداتە باڵم

زەوی لە ئامێزم ناگرێ
لە نێوان زەوی و درەختدا
تەنیایی دەمداتە دەست با

٧

دنیا وەک دڵم تاریکە
زەرووی ئەم شەوەش لە خوێنم دەخواتەوە
ئێوەی مەزن تیشکێ بگرنە ئەم ژوورە
پایزی عومری مرۆڤێ دەبیننەوە
هیواکانی مەلی کەنارێکی کپی ئەم جیهانەن
باڵی فڕینی وەریوە
پایزی عومری مرۆڤێ دەبیننەوە
قاچەکانی لە دووی نایەن
تیشکێ بگرنە ئەم ژوورە
بە تەنیا مۆمی دەسووتێ
ئەوە رۆحی مرۆڤێکە
هێشتا بەهاری نەدیوە

٨

شەوێکی بێ ئەستێرە و هاژەی شەپۆلە
دەنگێ نایێ
وا نزیکە شیعرەکانیشم کۆچ دەکەن
لەم شەوەدا تەنیا ناژیم
دوور لە بۆنی کەزییە رەشەکانی ئێستای
دوور لە نیگای ئەستێرەکان
دوور لە دڵی گەرمی شیعر
لە هالاوی گڕەی ژوورەکەمدا دەمرم
شنەی نەرمی گەڵاکانی چناری بەر پەنجەرەکەم

دەڵێی کفنی زەردی مەرگیان لەبەردایە
لە رووم نادەن
لەم شەوەدا چنارەکەش تاوانبارە
دەیبڕمەوە
ئاخ چەند شێتم
باڵای عیشقێ دەبڕمەوە خۆم گەورەم کرد

٩

گیانم لە ژێر باڵای درەختێکی زەرددا
بە درێژایی شەقامی شانزلیزیە* دا دەڕوانی
لە جارانی غەریبترە
ئەوە گۆنای کچە قژ زەردێکی شێتە
ئەوە لێوی مرۆڤێکی عەزرەتییە
دەبن بەیەک
لە تاریکی شۆستەکەدا ون دەبن
ئاسمانیش چەخماخە دەدا
ورد
ورد
بارانیش دەبارێ
لەو دیومەوە
نهێنی ماچێکی تریش سەوز دەبێ
شانزلیزیە دەبێتە ماچ و ڕامووسان
بەڵام گیانم لە جارانی غەریبترە
بەڵام ئەشکەکانی گیانم لە جارانی گەرمترە

١٠

لەبەر تیشکی بلاژکتەرێکی سووردای
دنیای ئەودیوی پەنجەرەی سەر کابارییەی سەماکردن

وەکو چاوەکانت سەوزە
وەکو باڵات کراسێکی لەبەر کردووە
یەکەم هێرشی مۆسیقا
گڵۆپی ناو کابارییەکە دەکوژێتەوە
چاوی خەڵکی دادەگیرسێن
شانۆکە دەبێتە ماڵت
شانۆکە دەبێتە ژانت
لەگەڵ نۆتەی سەماکەتدا
ورد
ورد
سنوورەکان دەشکێنن
شانۆکە دەبێتە جیهان
لە پێش چاوی جیهانێکدا سەما دەکەی
بەڵام خەڵکی تەنیا بەژنەکەت دەبینن
ئەستێرە لە پێشوازیتدا دەکوژێتەوە
مانگی پشتی پەنجەرەکان دەکەی بە دەزگیرانی خۆت
هێدی
هێدی
مانگەکەش لیخن دەبێت
بەر بەیانی لەگەڵ گەرمی سەما و فرمێسکی گۆناتدا
نامەیەک دەدەیتە دەست خۆر
بەختەکەت ئەوەندە رەشە
خۆر دەتۆرێ
نائومێدیت دەخەیتە بنی دەریاوە
بۆ دووەم شەو
گڵۆپی ناو کابارییەکە دەکوژێتەوە

چاوی خەڵکی دادەگیرسێن
شانۆکە دەبێتە ماڵت
شانۆکە دەبێتە ژانت
لەگەڵ نۆتەی سەماکەتدا
ورد
ورد
سنوورەکان دەشکێن
شانۆکە دەبێتە جیهان
لە پشت چاوی جیهانێکدا سەما دەکەی
بەڵام خەڵکی تەنیا بەژنەکەت دەبینن

١١

سەرت لەسەر گۆڕەکەمە
هەناسەکانت دەبیستم
دە فرمێسکەکانت بسڕە
گۆڕ خەڵوەتی مرۆڤی تەنیا و عاشقە
گۆڕ خانەقای دەروێشانە
دەروێش ئەو تاکە نەفسەیە خوا نابینێت
بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ
لە سۆزدایە
لە سۆزێکی تەنیادایە

١٢

ئێستا باران دەستگیرانمە
ساتێکی تر لێوی زەرد و سەوزی چرۆ
دوای کۆمەڵێ ڕۆژ و مانگیش
کەروێشکەی گیای نزیک ئاویێ
تەمەنی دێوانە کورتە

ئۆف منی عاشق زوو دەمرم
دەلێم گەڕێن
خۆم داوەتە بەر بارانی ئەو بەیانییە کپە
چاو لە زەوی ناترووکێنم
تەنیاییم دەلاوێنمەوە
گۆرانی خاوێنیم دەڵێم
دەلێم گەڕێن
ئەو ساتانەی گیانم دەبێتە پارچەیەک گڕ و پشکۆ
حەز لە سەمای بەر باران و
دەنگی سەنتوورە وێڵەکەی زۆربا دەکەم

١٣

پشکۆی سووری مەرگ دەبارێ
منی بیست و حەوت ساڵ تەمەن
هەر گۆرانییەک دەزانم
من و ژوورێکی تاریک و گڕی مۆمێ
من و پەرداخێکی بەتاڵ
من و مەرگ و چوار ساڵ سێبەری شەیتانێ
من و دەنگی خەمی داریوش
ئۆف زریانە
پشکۆی سووری مەرگ دەبارێ
بالای چنارێ دەشکێت
بەفری کێوێ هەرەس دێنێ
عاشقێ دولبەری دەمرێ
سبەینانێ خۆر دەسووتێ
ئەوە
تەمەنی مرۆڤە

ئەوە

تەمەنی شاعیرە

١٤

رۆژگارێ بوو
یادە تاڵ و شیرینەکانی تەمەنم
لەبەر تیشکی چاوی ئەودا دەخوێندەوە
لە پڕ ماچێکی دایک ئاسا
ماچی دەسگیرانی بەختم
تاپۆی بیرەوەرییەکانی ون دەکردم
بەڵام دوای تیشکی چاوانی
بارانێکی غەزەب باری
لەو رۆژەوە
تەنیایەکی سەحرا دڵم
نەک هەر باران
پەڵەهەوریش بەسەر خاکیدا گوزەر ناکات
نەکو هەور
رێبوارێکی لە خۆم وێڵ تریش
بارگەی لە هەواریدا ناخات
لەو رۆژەوە
سەرم ناوە بە دیواری ژوورێکی بێ پەنجەرە
باسی گۆڕ و زریان و کارەسات دەکەم
لەو رۆژەوە
من هەر باسی
فرمێسک و ئازاری رۆحی مرۆڤ دەکەم
چیرۆکی تەنیایی تەمەن دەگێڕمەوە
لەو رۆژەوە

بالام مەلێکی سڕبووی ناو دنیای بەفره
دەڕوانم و جیهان حوزنێکی سپییه
لەو رۆژەوه
ئای چەند تەنیام

١٥

له رووباردا ماسی هەیه
له ئاسمانیشدا ئەستێره
بەسەر گوڵ و گیاوه ئاونگ
گەردوون نەخشەیەکی سەیره
چیا
بەفر
زستان
باران
لەم عیشقه شێتەی منیشدا سیحرێک هەیه
ناوی سووتانه و هیچی تر
ئەم سووتانەش گەوره دەبێ
دەبێته هەناسه و خەمی نامورادی
دەبێته ئەنگۆرەی عومرم
بۆیه کاتێ که خۆر دەنوێ
سەرم داوێمه ئامێزی ئاگرێکی پیرۆزەوه
چەند ئەستەمه
ئینسان چاوی له سووتانی گیانی خۆی بێ
چەند شیرینه
ئینسان نەفرەته بەدەکان
بنێته ناو ئاگرەوه و به دیاریانەوه دانیشێ
چەند مەزنه

ئینسان بتوانێ مەسیح بێت

١٦

سەفەری بارانی وەشتە
ئێستا ژوورەکەی من شەوە
کە رۆژ بووەوە
باران کۆچ دەکا و گریان دێ
گریان کۆچ ناکا
ژووری وەشت
بۆنی گوڵان دێنێ و ئەوجا
دەبێتە پرسەی ئەم عومرە
وەرزەکانیش بەردەوامن
بۆیە هەرچەند ئاسمان بگری
لەودیو پەنجەرەی تەم گرتووی ژووری تازێ بارمەوە
باڵای هەموو درەختە تۆز لێ نیشتووەکان
شایی رۆحی خۆیان دەکەن

١٧

ئێستا ئاسمان بووەتە جووتێ عاشق
دوای تاوێ دی چەخماخەیەکی سوور دەدا
چەخماخە دەبێتە تۆفان
دوو عاشقەکە جوێ دەبنەوە
هانا ئاسمانی بێداڵدە بۆ ژووانمان
کەی تازییەی عومرم دەشکێنم

١٨

ئەرخەوان زمانی نییە
دەنا رۆمانی ئینسانی و ئەوەندە شیعری مەزنم

بۆ تەمەنی دەخوێندەوە
تا ئەو رۆژەی باڵای دەبێتە بەختی من
بەسەر هەموو گۆڕێکدا نەنووشتێتەوە
ئۆف
ئەرخەوانی لە بەختی من سیاتر
سێبەر بۆ درک دەهاوێ
چڵیشی دەبێتە دیاری دەستی عاشق

١٩

نە خەمم دەبێتە دەریا
نە دەریاش ئەوەندە هێدی و لەسەرخۆیە
لەگەڵ عومری پڕ کەسەری تەنیایی و ئازارمدا بڕوا
ئەم چیرۆکەش کۆتایی دێ
بارانیش شوێن دەستی هانام
بە دیوار و درەخت و مێزەکانەوە دەشواتەوە
لە دڵۆپە وردەکانیدا هەڵم دەگرێ
دەمنێتە ئامێزی زەوی
زەویش بە سەفەری هەورم دەبەخشێت
لە وڵاتێکدا دادەکەم ئێجگار غەریب

٢٠

لە بەختم چراکەی شەویش کوژایەوە
بووم بە خاکێکی پایزە
بۆ بەختی سێ شیعری رەنگ زەردی خۆم گریام
گریام وەکو چاوی هەور
چ بکەم بارانی گریانم
خەتی رەشی چارەنووسی
ئەو سێ شیعرەی نەکوژاندەوە

**شیعری یەکەم**

نە هەور بوو

نە باران بوو

نە پێکەنین

نە گریان بوو

سیحرێک بوو تەڕی دەکردم

فرمێسکی چاوانی دەسڕیم

شیعری یەکەم فریشتەیەکی گومان بوو

**شیعری دووەم**

کشانی ئەستێرەیەک بوو

ژوورەکەمی کرد بە ئاهەنگی چراخان

مۆمی لە دڵمدا داگیرسان

**شیعری سێیەم**

بەتەمەنی بیست و حەوت ساڵەمی وت

عوسمان شەیدا یانی خەزان

.......................................

* ئاماژەیە بۆ شیعرێکی فرووغی فەڕوخزاد.

* شەقامێکی بەناوبانگی پاریسە.